# جەللادی بێگوناه و کۆمەڵگای گوناهبار

نیهاد جامی

ئەو وتارە هەر لەسەرەتاوە بۆئەوەی بتوانێ قسە لە بێگوناهی تاوانەکانی جەللاد و کۆمەڵگایەکی قوربانی گوناهبار بکات ڕاستەوخۆ پشت دەبەستێت بەدوو وێنەی فۆتۆ گرافیەوە بۆیە هەر لەسەرەتاوە داوا لەخوێنەر دەکەین کەسەرەتا لە هەردوو وێنەکە وورد بێتەوەو لەکاتی خوێندنەوەی ووتارەکەش لەو شوێنانەی پێویست دەکات بۆ وێنەکان بگەڕێتەوە.

پەیوەندیی نێوان زەمەنی کەینونی لەگەڵ زەمەنی وێنەدا چەندە وەستاندنی زەمەنێکە لەناو زەمەنێکی تردا بەڵام دواتر ئەو وەستانە قسەکردنەوەیە لەناو ساتەوەختێکی زەمەنی کەتیایدا وێنە بەشدارە لەزەمەنی کەینونی ڕووداو, مەبەستمان کۆی ئەو ڕووداوەیە کە لە ساتەوەختێك ڕوودەدات و هەڵگریی دۆخێکی زەمەنیە, بەڵام دواتر کەڕووداوەکە بەوێنە دەبینین ئەو زەمەنە بە وەستان و هەڵوەستە کردن لە ساتێك کە لەناو ژیانمان تێدەپەڕێت و وێنە بۆ چرکە ساتێك ڕامان دەگرێت ئەو ساتە پرسیاریی ئێمە هەرگیز ئەو دۆخە ئومێدە یان تراژیدیە نییە کە لە کاتی ڕووداوەکە پێیدا تێپەڕیووین بەڵکو ئەو خۆشنوودیی و نائومێدیەمان بەپرسیار دەگۆردرێت پرسیار لە زەمەنێك کە ئێمە تیایدا کارەکتەریی ناو ڕووداوەکانین بەڵام ئەوە وێنەیە وامان لێ دەکات بەشداریی لەپرۆسەی نووسینەوەی مانادا بکەین, بە مانایەکی تر مانا دەبێت بەدەقێك کە هەڵگریی کۆمەڵە ئاماژەیەکی زمانەوانین لەسەر ئاستی بینین,ئێمە لێرەدا ئەگەرچی لە بەردەم دوو وێنەدا دەوەستین, بەڵام دواتر لە ڕێگەی هەردوو وێنەکەوە دەگەینە ماناکانی دەقی تراژیدیی بۆ نووسینەوەی ئاماژەکانی جەللاد,بەڵام بۆ ئەوەی لە تراژیدیا تێبگەین پێویستە پرسیاری ئەوە بکەین کە: چۆن تراژیدیا بناسین؟ هەڵبەت پرسیارێکی ئاوا سادە کە هەڵگریی هیچ دەمامکێك نییە تا بە ئاقاریی هەڵەماندا ببات ودەستخەڕۆمان بکات, دەکرێت وەڵامێکی وەك خۆی سادەشی پێ بدەینەوە, بەڵام ئەوکاتەی ویستمان تراژیدیا لەوێنەی تاوانێکی دەست نیشانکراو, یان کۆمەڵە تاوانێکی نامرۆییانە کۆبکەینەوە, ئەوسادەبێت دڵنیا بین کە ئێمە شتێکمان نەکردووە, جگە لەوەی وێنە بینراوەکانمان, وەك هەر هاوکێشەیەك بە پرسیارەکە بەخشیوەتەوە, بەمانای وەڵامیکی ئامادە بە پرسیارەکە دەدەینەوە, بێئەوەی ڕێگەی ئەوە بدەین لەوەڵامەکەدا بیرکردنەوە تیایدا بەشدار بێت.

بۆیە ئەگەر بمانەویت بۆ وەڵامی ئەوپرسیارە بیرکردنەوە لەدەرەوە نەمێنیتەوە, بەڵکو پرسیارەکە چۆن ئاراستەی جەستەی ئێمەدەکرێت, بەهەمان شێوەش عەقڵی لێ نەکەینە دەرەوە, ئەوساتە جەستەی ئێمە بەبێ بیرکردنەوە وەڵامیکی خێرا بە پرسیارەکە ناداتەوە, کە گوزارشت لە مەعریفەی باوبکات, بەڵکو بیرکردنەوە دەیەوێت مانای نوێ بە پرسیارەکە ببەخشێت, ئەوەش مانایەك نییە کە ئێمە خۆمان بۆ ئامادە کردبێت, بەڵکو مانایەکە لە بەرەنجامی تێرامان وخوێندنەوەو گومان پێیدەگەین, کاتێك لەسەر ئەو بنەمایەش ویستمان مانای نەدۆزراوە کەشف بکەین, ئەوا ناکرێ شتەکان تەنیا وەك خۆیان سەیر بکەینەوە, بەڵکو پێویستە ڕەهەندی شتەکان فەرامۆش نەکەین, بە واتایەکی تر بۆ ئەوەی باشتر مەبەستەکە ڕوون بێت, دەڵێین هەرکاتێك ویستمان ئاستی فراوانبوونی تراژیدیا بناسین ناکرێت لەنێو ژمارەی تراژیدیاکانەوە سەیری فراوانبوون بکەین, چونکە ئەوەیان ئاستێکە پەیوەندیی بە "درێژبوونەوە" هەیە, ئەوەش یەکێکە لەخاسیەتە سەرەکیەکان بۆ زەمینەیەکی پتەوی داخستن, داخستن دەبێت بەنەریتێك کە توانای درێژکردنەوەی تراژیدیای هەیە, بۆیە لەهەر شوێنێك زەمینەی کلتورێکیداخراوله ئارادا بوو, ئەوە مانای وایە گوتاری تراژیدیی ئامادەبوونی پۆلاینی هەیە , ئێمە ناتوانین ئەو گوتارە بناسین ئەگەر نەتوانین بونیادە بەرهەم هێنەرەکانی گوتار لە یەکتریی جیا نەکەینەوەو جیاکردنەوەش مانای هەستکردنە بەوکەلێنەی کە دەکەوێتە نێوان دوو بونیادەوە, مەبەست لەودۆخەیەکە هێشتا بونیادەکان تێکەڵی یەك نەبوونە بۆ خوڵقاندنی گوتار, بۆیە گەڕانەوە بۆ بەر لە ئامادەبوونی گوتاریتراژیدیی, ئامادەبوونی منی وەرگرە لەناو کەلێنی نیوان دوو بونیاد, شوێنی منی وەرگر بە مانا"سارتەر" یەکەی شوێنێکە توانای نووسینەوەی ئەو پەیوەندیەی هەیە کە لای هەریەك لە بونیادەکان, ڕووبەری داخراونین وبەڵکو لەناو ئەو کەلێنە

توانای نووسین ڕووبەرە نەنوسراوەکان دەنووسێتەوە, نووسینەوە لەنێو کەلێنیدوو بونیاد مانای وایە ڕووبەرێك دەدۆزینەوە بۆڕەخنە, تیایدائەوگوتارە هەڵوەشێنراوەیەی تراژیدیا دەخەینە نێو ڕەخنەگرتن وئامادەبوونی گوتار دەبەینە دۆخی نائامادەبوون, کاتێك گوتار نائامادەبوو مانای وایە دەتوانین سێنتەری ئەوعەقڵە بخەینە دەرەوەی قسەکردن, ئەوەش دەسبەرداربوونە لە هەموو ئەو مانا کۆنکرێتیانەی نێو سێنتەری عەقڵ, بەڵکو مانا لە بەرەنجامی قسەکردنەوە دێتە بوون, ئەوەش جیاوازیی مانایە, بەڵام میکانیزمی ئەوجیاوازییەش بەتەواویی گۆڕانی بەسەردادێت, چونکە ئەگەرلەپێشتردا بۆقسەکردن لەفراوانبوونی تراژیدیا سەیریی ئاستی گوتارەکە کرا بیت, ئەوا ئەمجارەیان گوتار بەو پێیەی دەکرێ بە نائامادەیەك, بەهەندوەرناگیرێت.

ئەوەی بەهەند وەردەگیرێت, دوو بونیادی ئاست تەواوکەریی یەکتریی و لەهەمان کاتدا جیاوازن, ئەوانیش"تیۆریدەقەکان"و"واقعی کۆمەلأیەتی"ن, ئەگەر چی لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا واقیع شوێنی بە تیۆر چۆلکردووە, ئەوەیان خەوشێکی ڕۆشنبیریی کوردییە کە نەیهێشتووە دەق لەناو کۆمەڵگادا زیندەگی خۆی بژیێت, پێی وابووە دەق پەیوەندیی بەکۆمەڵگای کوردیەوە نییە, ئەو دەسبەرداربوونە لە دەق وای کردووە, تراژیدیا خۆی درێژبکاتەوە, لەکاتێکدا ئیشکالیەتەکانی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ وابەستەبوون بووە بەتراژیدیای دەقەکانەوە, ئەوبیانوە کەم خوێنەی پێی وایە دەقەکان باس لەکۆمەلگایەك دەکەن ئاستی بیرکردنەوەیان دوورە لە ئێمە بیانوویەکی ئایدیۆلۆژیی بێمانایە ودەیەوێ دریژە بەتراژیدیا بدات, بەڵام کاتێك تراژیدیا دەکرێت بەگوتارێکی نائامادە ئەوساتە لە شوێنی"درێژبوونەوە" چەمکێکی نوێ شوێنی دەگرێتەوە ئەویش "بەردەوامبوون"ە.

بەردەوامبوون چەمکێك نییە لە پێناو درێژبوونەوەی تراژیدیا, بەڵکو چەمکێکە هەڵگری ئاستە جیاوازەکانە, دەیەوێ بەردەوامی ببەخشێت بە"تیۆری دەق" و" واقیعی کۆمەلأیەتی" چیتر تیۆری دەقەکان ناکاتە دەرەوەی پرۆژەی بیرکردنەوەی کوردیی, بەڵکو پێی وایە بۆ ئەوەی تراژیدیا بناسین دەبێت بەچەمکی بەردەوامبوون قسە لەناسین بکەین.

بۆ ئەوەش پێویستمان بەپرسیارێکی جەوهەریی دەبێت پرسیارێك پێمان دەڵێ: بەردەوامبوون لە ناو ئەو مانا مەجازییەدا چ دەلالەتێکی هەیە؟ بوونی ئەو پرسیارە دەست نیشان کردنی جیاوازیی چەمکی بەردەوامبوونە لە نێوان ڕاڤەو چەمکی کۆمەلأیەتی لەلایەك, وەلەلایەکی تر ئەو مانا فەرهەنگیەی کەئەو چەمکە هەیەتی ئاستێکی تەواوجیاوازە..بۆچی؟ چونکە بەردەوامبوون چەندە فرێدانی هەمووئەو ڕاڤە کۆمەلایەتیەیە بۆ تراژیدیا هێندەش دۆزینەوەی ڕووبەرێکی دەلالیە بۆناو تیۆری دەق, بۆیە بەردەوامبوون لەمانا فەرهەنگیەکەی دەمانباتەوە ناوکۆمەڵە دەقێك لەوێدا تێگەیشتنی باوو تاك ڕەهەنددەمرێت, ئیشکالیەت ومیکانیزم وزاراوە ڕەخنەییەکانی دەق سەرلەنوێ بەجیاوازی کۆمەڵە دیدێکەوە قسەلەتراژیدیادەکەن, چونکە تراژیدیا بە تەنیا ئەو ساتەوەختە نییە کە ڕووداویکی توندوتیژی تیا ئەنجام دەدرێت, بەڵکو تراژیدیا ساتەوەختێکی زەمەنییە بەدوای تەواوبوونی ڕووداوەکە زەمەنی خۆی دەناسێت, بەمانای تراژیدیا ڕووداویك نییە لەناسینی جەلاد سیماکانی بناسین, بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت بۆناسینی سیماکانی لەڕووخسارەکانی خۆماندا بەدوای بگەرێین, چونکە ئەگەر جەلاد بوونەوەرێك بێت هەستی ئەخلاقی(وەك کائینێکی بە شەری) لەدەست دابێت وتاوانێك ئەنجام بدات , ئەوا ئێمەین دەبێت دریژە بەو هەستە نائەخلاقیە نەدەین ونەیەڵین ئەوتاوانە پەل بهاوێژێت بۆ درێژبوونەوەی تراژیدیا, بۆرێگەنەدانیش ئەوەندە بەس نییە جەلاد وەك گوناهبارێك دەربخەین و خۆشمان بێ گوناه , بەڵکو ئێمە لەبەرامبەر تراژیدیا ئەو کاتە بێگوناهین کاتێك بێدەنگ نەبووین لەکلتورێك کەشەرعیەت بە جەلاد دەدات بە تاوانێك هەڵبستێت, چونکە ئەوە سڵنەکردنەوەیە لەکلتوور, بۆیە کوشتنەوەی جەلاد ناتوانێت تراژیدیا لەناو بەرێت, بەڵام ڕەخنەگرتن لە کلتورو کارکردن بۆلابردنی سیماکانی ئەو کلتوورە توانای وەستاندنی هەیە, ئەوەش بەگەڕانەوە دەبێت بۆ ناو پرسیاری دەق, کاتێ بۆناودەقیش گەڕاینەوە, مانای وایە بەچەمکە نوێیەکانی تیۆرەوە سەیریی تراژیدیا دەکەین, بۆیە پەیوەندی نێوان دەق وتراژیدیا پەیوەندیەکە لەسەر بنەمای گفتوگۆیەکی

بەردەوام دێتە دی کەخۆمان لەناودەقەکان دانەبڕی وبەڵکو ئیشکالیەتەکانی خۆمان لەناو دەقەکانەوە هێنایە نێو گفتوگۆ, هەرکاتێك بیرمان لەکارێکی لەم چەشنەش کردەوە مانای وایە دەمانەوێت خۆمان لەدنیای دەرەوە دانەبڕین ئەو دابڕانەی هێزە سیاسیە کان بەبیانوی ناسیۆنالیستیەوە دروستیان کردووە, بیانوویەکە بۆنزیك نەبوونەوە لەفرە کلتوریی, ئەوەش بۆشەرعیەت دان ودرێژە دانە بە تراژیدیا لەلایەك ولەلایەکی تر بۆنەخوێندنەوەی توانای کەسانی لەخۆیان بەتوانا تر, بەمانایەکی تر ئەو ناتوانیٚ دان بەتوانای کەسێك بنێت کە لەدەرەوەی توانای خۆی بێت ئەوەش یەکێکە لە خەسلەتەکانی حزبی کوردیی, نەوەك کێشەکە لەوێدا بێت کەدەقەکان پەیوەندیان بەئێمەوە نییە وەك ڕۆژانە لەسەر زمانی زۆرلە سیاسیەکانمان دەیبیستین, بەڵام ئاخۆ چۆن چارەسەری ئیشکالیەتەکانی ناو دەق دەکەین؟ ئەوەیان باسێکی ترەو پەیوەندیی بەو سەرنجە خێرایەوە نییەو دەکرێت لەبەرەنجامی خوێندنەوە ورەخنەدا ئەو جیاوازیانە دەست نیشان بکرێن وکە بەبیٚ هیچ هەڵوەستەو گومانێك دەڵێین ئەوانەی ئایدیۆلۆژیانە دەقەکان ڕەت دەکەنەوە لەدەرەوەی پرۆسەی خوێندنەوەدا ڕەتی دەکەنەوەو بەڵکو تەنیا بۆداکۆکی کردن لەسیستمێکی تەقلیدیی باوکایەتییەوە دەکەونە بانگەشەکردن بۆ بێمانایی دەق وکەچی لەبنەڕەتدا ئەگەر بێماناییەك هەبێت ئەوا ئەوان خولقێنەریی یەکەم ودواینیانن.

ئێستا بۆ ئەوەی خۆمان نوقمی ئەو بێماناییەی سیاسی کوردیی نەکەین با لەدوو دەقەی بینراوەوە قسە بکەین دوو دەق کە لە ڕێچگەی وێنەوە هەڵگریی کۆمەڵێك ئاماژەی دەلالین, سەرەتا با لە ڕێچگەی ئاماژەکانی دەسگیر کردنی جەللادەوە دەست پێبکەین, ئەوەش لەڕێگەی ئەو وێنەیەوە کاتیٚ دەبینین جەللادێکی وەك سەدام حوسێن لەدەمە و عەسرێکدا لەشەقامەکان بەسیمای پیاوێکی ڕیشنەوە لەسەر تەلەفزیۆنی دوکان و چایخانەکان دەیبینین, ئەوە یەکەم بەریەکەوتنی نێوان جەللادو کۆمەڵگای کوردییە, بۆ ڕۆژی دواتریش ئەو کۆمەڵگایە تووشی بێدەنگیەکی سەیر دەبێت کاتێك لەناو جامخانەی کتێبخانەکان و سەرشۆستەکان وێنەی جەللادێکی ڕیشن بەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانەوە دەبینێت, ئەوکاتە هەموو میدیاکانی جیهان وێنەی ئەوجەللادە وەك کارەکتەرێکی ئەفسانەیی دەخەنە ڕوو, ئەفسانەیەك کە شۆڤێنیزمی عەرەبی وەك فریاد ڕەس دەیبینی, کاتیٚ ئەو ئەفسانەیە دەسگیر دەکرێت, شۆڤێنیزم تووشی نائومێدیی دێت و خۆرئاواو کۆشکی سپی بەمانشێتی "ئەفسانەی سەدام حوسین دەسگیر کرا" و "تارمایی سەدام کۆتایی هات" پێشوازیی لەو سەرکەوتنە ئاسودەییە دەکەن, ئەوەی نەتوانیٚ لەبەرامبەر وێنەی ڕیشنی جەللاد ئاسودە بێت(عەتوان و سەحاف) و خانمە چاو شین و قژ زەردەکانی میدیای عەرەبی نین, بەڵکو کۆمەڵگای کوردییە, ئەو ڕووداوە شۆکێکی وا ڕووبەڕووی کۆمەڵگای کوردیی دەکاتەوە, خێرا دەیەوێت وێنەی جەللاد لە گوناهبارەوە بۆ بێگوناه سەیر بکات, ئەو هەستە سەیرە پەیوەندیی بەسۆزیی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردییەوە نییە, بەڵکو هەستێکە خاڵی نییە لەڕابردوو, فلاشی ئەو کامێرایەی زەمەنی جەللاد لەوێنەیەکدا دەوەستێنیٚ, بەئەرشیف کردنی کۆی ئەو ڕابردووەیە کە جەللاد بکوژە و کۆمەڵگای ئێمە قوربانی, ئەو وێنەیە کۆمەڵگای کوردیی دەخاتەوە ناودەوڵەتێکی بیٚ جەللاد, عیراقێکی بیٚ سەدام.

ئەو هەستی لیٚ بووردنە لە جەللاد, هەستی کوردییە لەنێوان یادەوەریی و زەمەن, هەستی کۆمەڵگایەکی قوربانیە کۆمەڵگایەك کوشتنی جەللاد بە پرۆژەیەکی نیهلیستی ڕاڤە دەکات, چونکە تراژیدیاکانی ئێمە بوون بە بەشێك لە زەمەنی خوێناویی جەللاد, ئەو هەستە هەستی مرۆڤە زیندووەکانی کۆمەڵگا نییە, هەستێکی ئەخلاقی قوربانیەکانە, زەمەنی ئێمە..زەمەنی وێنەی جەللادە, زەمەنێك کە تراژیدیای ئەنفال دەخولقێنێت, ئەو زەمەنەی دەبیٚ بە یادەوەریی گشتی کۆمەڵگا, بۆیە کاتیٚ لەبەرامبەر زەمەنی جەللاد ویادەوەریی تراژیدیابە دوای تۆڵەکردنەوە ناگەڕێین, ئەوە نەترسە لەجەللاد (بەوپێیەی جەللاد دیلەو) وە نە ئارەزووی مەرگدۆستی ئێمەیە,بەڵکو لەپاڵ ئەوەدا هەستی پاڵنەریی زیندوویی ژیانە وامان لیٚ دەکات, کوشتنی جەللاد بە گەمەیەکی بیٚ مانا تێبگەین, ئەوەش پەیوەندیی بەکۆمەڵێك بیرۆکەو گریمانە هەیە, کە ئەو ئارەزووە لە مردن چی بوو جەللاد بە درێژایی حوکمڕانی پەیڕەویی کرد؟ چونکە ئەو ئارەزووە بە تەنیا ئارەزوو کردنی جەللاد نەبوولە خوێن, بەڵکو

ئارەزوویەکە جیاوازیی سرووشتی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای سڕیەوەو نەیهێشت کۆمەڵگا زەمەنی ڕاستەقینەی خۆی بناسێت, نەبوونی زەمەنی سرووشتی سۆسیۆلۆژیی, مانای کۆمەڵگایەکین نا تەندرووست, کۆمەڵگایەك ناتوانێ بەختیار بێت لەناو گۆڕانەکان, بەڵکو لەناو گۆڕانەکانیش بیرلە تراژیدیا دەکاتەوە, چونکە یادەوەریی تۆقێنەر نەخۆشی خستووە, هەر بۆیە کاتێ وێنەی جەللاد وەك کارەکتەرێکی دیلی ڕیشن دەبینێت, ئەو ناتوانێ زەمەنی وێنە وەك زەمەنێکی سەربەخۆ سەیر بکات,زەمەنێك دابڕاو بێت لە یادەوەریی, زەمەنێك توانای بزاوتی زەبروزونگی لەدەست دابێت, ئەو لەبەرامبەر وێنەی ئەو کارەکتەرە هەر هەستی نێوان جەللادو قوربانی هەیە, نەگۆڕینی ئەو هەستە مانای وایە ئەو ناتوانێ لەناو "گۆڕانی ئێستا" زیندەگی خۆی وەدەست بێنێت, نەبوونی زیندەگی لەناو گۆڕان, یەك مانای نەگۆڕ دەدات بە دەستەوە ئەویش چەمکی مەرگە, ئەو چەمکە کە لە کلتوریی ئێمەدا ڕەگێکی پۆلاینی داکوتیووەو ئاسان نییە بۆ یەك تاکە دەلالەت کورتی بکەینەوە, کە ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە ترسنۆك, بەڵکو پێویستە ئەو زەمینە کۆمەڵایەتیە بخەینەوە ژێر ڕەخنەوە, کە چەندە زەمینەیە کە توانای خوڵقاندنەوەی تراژیدیای هەیە, چونکە فاشیزم بەتەنیا لەڕێگەی جەللادێکەوە ناتوانێ بەرهەم هێنەریی کۆمەڵێك جەللادی بچووك بێت, کەبیانکات بەسێبەریی خۆی, بۆیە سێبەریی جەللاد شتێ نییە, ئەگەر زەمینە کۆمەڵایەتیەکە نەبێ بەڕووبەرێك بۆمەرگ.

هەربۆیە جەللاد لەدوا وێنەیدا بۆ کۆمەڵگای ئێمە ناتوانرێ وەك دیل سەیر بکرێت,ئەوەش پەیوەندیی بەکۆی ئەو یادەوەرییە هەیە کە لە هزریی نەوەکان خۆی درێژکردۆتەوە, ئەویش یادەوەریی توندو تیژیی جەللادو بە قوربانیکردنی نەوەکانی پێشووە, هەربۆیە بەدوای ئەو دیل کردنە کۆمەڵگای ئێمە بەدوای زمانێك دەگەڕێت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ خۆی, ئەوەش ئاماژەی نەووتراوی نێو زمانە, ئەو نامە شاراوەیەی کۆمەڵگای ئێمە دەیەوێت لەئێستادا بیگەیەنێتە نەوەکانی خۆیی و چیدیی دراوسێیەکانی نامۆ نەبن بە یادەوەریی ئەوەوە ئەوەیان پەیوەندیی بەو زمانە شاراوەیە هەیە کە ئێمە لەبڕی ستایش کردنی قارەمانێتیو گێڕانەوەی چۆنیەتی بەخشینی قوربانیەکانمان پێویستە قسە لە ئایندەیەك بکەین, لەڕێگەی قسەکردن لەچەمکی تراژیدیا بەوەی ئەو هەستە ئەخلاقیەی بێدەنگی نواندن لەبەرامبەر دڕندەیی جەللادو بە گوناهبار سەیرکردنی ئێمە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە کەدیارە بۆ ئەو مەسەلەیە دەبێ زۆر بەئاگاییەوە قسە بکەین ڕێگە نەدەین ئەو دەمامکە ساختەکاریە ئایدیۆلۆژیانە بە دەمامکی کورد بوونەوە بمانخەڵەتێنن و نەتەوە یەکسان بکەنەوە بە حزب وەك چۆن ئەوە لەسالأنی ڕابردوو بووە بەئەخلاقی بەشێکی دیاریی حزبە کوردیەکان, قسە کردن لەو زمانە شاراوەیە پێویستی بە هێزێکی کەینونی هەیە بۆ ئاشکراکردن, هێزێك بتوانێ درك بەزەمەنی تراژیدیا بکات بۆئەوەی لەمەبەستە کەمان دەرنەچین لێرەدا ئاماژە بۆ وێنەی دووەم دەکەین کەوێنەیەکی ڕێکەوتەو لەدەرگای ماڵێکی گەرەکی برایم پاشای شاریی سلێمانی مناڵێك لەدەرگای ماڵی خۆیان وێنەی زەرفێکی نامەی کێشاوەو لەسەری نووسیوە"نامە بۆ سەدام"دیارە ئەو وێنەیە کەلەڕاستیدا جۆرێك لەگەمەیەکی نەستی مناڵە بەلأم بۆ خۆی پرسیارێکی گەورەیە کە مناڵێك بێ ئەوەی زەبروزەنگی جەللاد ببینێت دەیەوێت نامەیەك ئاراستەی جەللادی دیل بکات, ئەو نامەیەی لەدووتوێی ئەو زەرفەدا مناڵەکە لەخەیاڵی خۆیدا نووسیویەتی چیە؟ دەیەوێت چی بەجەللادیی دیل بڵێت, ئایا شاراوەیی ئەو نامەیەی سەر زەرفی دەرگاکە هەر هەمان ئەو زمانە شاراوەیە نییە کە کۆمەڵگای ئێمە پێویستیەتی بۆ قسەکردن لە داهاتوو؟ ئەگەر وابێت ئایا ئێمە پێویستمان بەوەیە یەخەی مناڵێك بگرین کەدەیەوێت لەناو ئەو نامەیەدا چی بۆ جەللاد بنووسێت یان پێویستە پرسیار لە ئاگایی کوردیی بکەین کە چۆن کەشفی زمانی شاراوەی زەمەنی کەینونیمان بکەین؟